گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لەسەر گۆڕانی بەهاکان

**پ.ی.د جوان اسماعيل بكر**
بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق
jwan.bakr@su.edu.krd

**تريفه صابر عزيز**
بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق
Treefa.aziz11@gmail.com

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٢/٩/٢٠
پەسەندکردن: ٢٠٢٢/١٠/١٣
بڵاو کردنەوە: هاوینی ٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان**
Social Media, Values, Social Values, Changes, Changes of Values

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.8.3.4

## پوختە

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە یەکێك لە هۆکارە گرینگەکانی پەیوەندیکردن دێن لە جیهاندا، هەروەها کۆمەڵێك بەکارهێنانیان هەیە کە دەخرێنە خزمەت تاك و کۆمەڵگا لە زۆرێك لە بوارەکانی ژیاندا، ئەمڕۆ بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئاسانکاریەکی زۆر لە ژیانی ڕۆژانەی تاکەکاندا ڕوویداوە، ئەم بەروە پێشچوون و پێشکەوتنە خێرایە چەندین کاریگەری هەبووە لە گۆڕینی سیستەمی تاکە کەسیدا، بووە هۆی ڕەنگدانەوەیەکی گەورە لە ڕێساکانی ئازادی بڵاوکردنەوە و دەربڕین و دروستکردنی پردی پەیوەندی و گۆڕینەوەی زانیاری لەسەر ئاستی تاك و کۆمەڵگا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان حەز و خولیا و ئارەزوەکانی تاکی سەردەمیان فراوانتر و بێسنورتر کردوە، ئەمەش وای کردوە بەکارهێنانی زیاتر بێت و بەها و پێوەرەکانی کۆمەڵگە پێیان کاریگەر بن، بەهاکان کۆمەڵێك پێوەر و ڕێسای دیاریکراون کە تاك ئاراستە دەکەن بۆ ڕێکخستنی ڕەفتارەکانی لە نێو کۆمەڵگە بۆیە لەم گۆشە نیگایەوە توێژەر و ئامانجیەتی ئەوە ڕوون بکاتەوە تا چەند تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییان هەیە لەسەر گۆڕینی بەهاکان لەلای قوتابیانی زانکۆ. لەم توێژینەوە میتۆدی وەسفی شیکاری-ڕووپێوی کۆمەڵایەتی Social ( survey) بە نموونە بەکارهاتووە نموونەکەش لە جۆری نموونەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەڕەمەکی چینایەتی ڕێژەییە، پێوەر وەك ئامرازی ســەرەکی کۆکردنەوەی زانیاری بەکارهاتووە، دواتر شــیکردنەوە و خســتنە ڕووی زانیاریەکان کە تیایدا ئەنجامەکانی توێژینەوەکە خراوەتە ڕوو لەسەر بنەمای ئەنجامەکانی توێژینەوەکە کۆمەڵێك ڕاسپاردە و پێشنیار خراوەتە ڕوو.

## پێشەکی

پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیا بە گشتی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە تایبەتی لەئەمڕۆدا وەك شەپۆلێکی بەرفراوان بڵاوبوونەتەوە و پێداویستیەکی گرنگی هەر تاکێکن لەسەر تاسەری جیهان، ڕۆڵ و کاریگەری بەرچاویان هەبووە لە ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە هەموو لایەنەکانی ژیان، بوونەتە شێوازی زاڵی پەیوەندیە مرۆییەکان، ئەوەی جێگای گومان نی یە، پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان کەوتونەتە ژێر کاریگەری ئەو بەرەو پێشچوونە زۆرە یەك لە دوای یەکەی کە ڕوودەدات لە کۆمەڵگاکان لە ژێر سایەی شۆڕشی تەکنەلۆژیای نوێ بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە تەکنەلۆژیای زانیاریەوە هەیە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئامادە باشی بۆ گۆڕانکاری نیمچەیی یان گۆڕانکاری ڕیشەیی لە بوارەکانی ماددی و مەعنەوی، هەرچەندە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەناو تەکنەلۆژیادا خاوەن مێژوویەکی نوێیە، بەڵام بە تێپەڕبوونی چەند ساڵێك بە شێوەیەکی پێشبینی نەکراو گەشەسەندنێکی ئێجگار و زۆری بە خۆیەوە بینی، بەکارهێنەرێکی یەکجار زۆریشی هەیە، لەهەمان کاتدا توانای بەخشی بە تاکەکان کە لە پەیوەندیەکی بەردەوام دابن، تاك خۆی تەوەر و ئامانجی سەرەکی پەیوەندیەکان بێ، هەرکات ویستی هەڵوێست و ڕوانینەکانی دەربڕی، تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان کۆمەڵگایەکی گریمانەیی دروستکردووە کە هیچ سنوورێکی جوگرافی و جیاکاری ڕۆشەنبیری و سیاسی و کەلتووری بوونی نییە، بێگومان ئەم تۆڕانەش لەگەڵ بوونی لایەنی ئەرێنی و پێداویستیەکی گرنگ بۆ ئەنجام دانی کارەکانی ڕۆژانەی بەکارهێنەران، بەڵام بەدەر نابێ لە کاریگەری نەرێنیش، جا ئەو کاریگەریانە دەروونی یان کۆمەڵایەتی بن کە دەبنە سەرچاوەی گۆڕانی بەهاکان، لەهەمان کاتدا تۆڕەکان پەیوەندی کۆمەڵایەتی سروشتی گۆڕی بۆ پەیوەندی کۆمەڵایەتی گریمانەی گۆڕانکاری و کاریگەری گەورەی لە کۆمەڵگا مرۆییەکان و کلتوور پێك هاتەی بەهای باودا دروست کرد، هەڵبەتە هەموو کۆمەڵگایەکی مرۆیی خاوەن سیستەمێکی بەهایی تایبەت بە خۆیەتی، هەوڵدەدات لە ڕێگای ئەو بەها کۆمەڵایەتیانەوە ئەندامانی ئاراستە بکات. بەها کۆمەڵایەتیەکان زانین و باوەڕ و پابەندبوونی تاکە بۆ کۆمەڵێك یاسا و ڕێسای

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆمەڵایەتی لەو ڕەوشەی کە تاك تێدا دەژین، بەهاکان گشتگیرن، تاك فێریان دەبێت و وەریان دەگرێت پلە بە پلە لە کەسایەتی خۆی بەرجەستەیان دەکات و دەبێتە سەرچاوە بۆ ڕەفتارەکانی، لێرەدا جیهانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆخۆی فاکتەرێکی یاریدەدەرە بۆ گۆڕینی بەهاکان و کاڵبوونەوەی بەها کۆنەکان و پێوەرەکانی تاکەکان لە هەموو کۆمەڵگاکان بە کۆمەڵگای کوردیشەوە بەهۆی سروشتی تایبەتیەکەیەوە، کە زۆرجار بەها و دیاردەی ئەوتۆ بڵاو دەبنەوە بە کۆمەڵگا نامۆ و نەگونجاوە، ژیان لە ناو کۆمەڵگادا یاسا گەلێك بەرێوەی دەبات کە پێداویستی تاکەکان رێك دەخات ئەم یاسایانەش بەها و پێوەر و یاساکانی کۆمەڵگان، بەهاکان چوارچێوەیەکی ڕەوشتین بۆ چالاکیەکانی مرۆڤ، وە یارمەتی دەریشن لە بەخشینی یەکبوون بە کۆمەڵگا، هەروەها یارمەتی دەریشن لە بنیات نانی ژیانی تاك و پێکهێنانی کەسایەتیەکەی، لە سەردەمی ئێستاش دا کۆمەڵگای کوردی بە قۆناغ و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و کلتووری و تەکنەلۆژی دا دەگوزەرێت. کە ڕەنگدانەوەیان هەیە بەسەر ژیان و بیرکردنەوە تاکەکانی کۆمەڵگا بە گشتی و توێژی گەنجان و قوتابیانی زانکۆ بە تایبەتی کە ئەوان زیاتر دەکەونە ژێر هەژموون و کاریگەری ئەم گۆڕانکاریانە، بۆیە ئەم توێژینەوە هەوڵ دەدات بە شێوەیەکی زانستیانە گرنگترین ئەم لێکەوتە و کاریگەریانە دەستنیشان بکات کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دروستی کردون لەسەر بەهاکان لەلایەن قوتابیانی زانکۆ.

## یەکەم: ڕەگەزە سەرەکیەکانی توێژینەوەکە

ڕەگەزەکانی توێژینەوە پێکدێت لە: (گرفت و گرنگی و ئامانج و بوارەکانی توێژینەوە ) کە هەریەکەیان بە شێوەی سەربەخۆ گوزارشتیان لێکراوە.

### 1 - گرفتی توێژینەوەکە problem of the research

بەرەو پێشچوونی تەکنەلۆژیا لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم گواستنەوەیەکی جۆری و شۆڕشێکی مەزن بوو لە جیهانی پەیوەندی، کە هەموو بوارەکانی ژیانی گرتۆتەوە، ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو لە ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە ژیان و چالاکی کۆمەڵگاکان، بووە هۆکارێك بۆ گۆڕانێکی ریشەیی لە شێوازی گواستنەوە و پەخشکردنی زانیاری، دەرکەوتنی جۆرەها شێوە لە پەیوەندی مرۆیی ناتەقلیدی کە هەموو سنورێکی جوگرافی و زەمەنیی تێپەڕاند، لێرەوە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان داهێنانێکی نوێ بواری ئەو تەکنەلۆژیا پێشکەوتوەیە، وە ئامرازێکی کارای پەیوەندیکردنە، کە لە سەردەمی ئێستادا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەدەرکەوت، کە بە یەکێك لە گرنگترین ئامرازەکانی پەیوەندی دادەنرێ، بەکارهێنەرێکی زۆری هەیە و بۆتە پێداوستیەکی سەرەکی لە ژیانی ئەمرۆ، بەها ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە لەم توێژینەوە (بەها کۆمەڵایەتییەکان) کە کۆمەڵێك بنەما و بیروباوەڕ و پرینسیپی پێوەرن بۆ هەڵس و کەوت و ڕەفتاری مرۆڤ کۆڵەکەیەکی بنەڕەتیە لەناو هەموو کۆمەڵگایەك پارێزگاری لە سیستەمی کۆمەڵایەتی و سەقامگیری کۆمەڵگا دەکات، ڕۆڵ و کاریگەری دەروونی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیان لە کۆمەڵگەدا هەیە؛ بە جۆرێك لە هەر کۆمەڵگایەکدا بەها مانایەکی نوێ و تایبەت دەبەخشن بە ژیان و ڕەفتار و هەڵس و کەوتی ئەندامانی، هەموو ئەمانەش بە جۆرێك لە جۆرەکان دەکەونە ژێر کاریگەری و کارتێکردنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و دەبنە هۆکار بۆ گۆڕینی بەهاکان ئەوەی لێرەدا دەبیندرێ و تێبینی دەکرێ بەشێکی زۆری گەنجەکانمان پەیوەندی تازەیان بونیادناوە و کەوتوونەتە ژێر کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و دوور کەوتونەتەوە لە پەیوەندیە باوەکەی کۆمەڵگای کوردی، بۆیە هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ توێژینەوە لە هەستکردنە بە بوونی گرفتێك لەلای توێژەر، هەوڵ دەدا وەلامێکی زانستی و دروست بە دەست بێنێ بۆ بابەتێکی گرنگ (کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر گۆڕینی بەهاکان ) بۆیە توێژینەوەکە بە دوای وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە دەگەڕێ:

1. ئایا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەریان هەیە لە گۆڕینی بەها کۆمەڵایەتیەکانی یەکەی توێژینەوە؟
2. ئایا ئاستی پەیوەندی چەندە لە نێوان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و گۆڕانی بەهاکاندا؟
3. ئایا ئاراستەی بەهاکان چین لە ڕوانگەی یەکەکانی توێژینەوە؟
4. کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چۆنە بە پێی گۆڕاوەکانی توێژینەوە؟
5. ئایا جیاوازی هەیە بە پێی گۆڕاوە لاوەکیەکانی توێژینەوە (ڕەگەز، کۆلێژ، تەمەن، قۆناغ، پسپۆری خوێندن، باری کۆمەڵایەتی، باری ئابووری)؟

## 2- گرنگی توێژینەوەکە Importance of the research

توێژینەوە لە بواری کۆمەڵناسیدا دوو جۆری سەرەکی گرنگی لەخۆ دەگرێت؛ ئەویش گرنگی تیۆری و گرنگی پراکتیکیە، گرنگی تیۆری توێژینەوەی زانستی دەبێتە هۆی زیادبوونی مەعریفەی زانستی لە بوارەکەی خۆیدا بەهۆی ئەو ڕێگا زانستیانەی کە لە میانەی ئەنجامدانی توێژینەوەکەدا دەگرێتە بەر، گرنگی پراکتیکی ئەم توێژینەوە لەوەدایە، هەوڵدەدات کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕوون

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بکاتەوە لە ژیانی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە، تا چ ئاستێك کاریگەری هەیە لەسەر بەها کۆمەڵایەتییەکان وە تا چ ڕادەیەك ڕەنگدانەوەی لەسەر ئاستی مەعریفی و زانیاری و سۆزداری و هەڵس و کەوتیان هەیە لە ڕێگای گەیشتن بە ئەنجامی توێژینەوە و شیکردنەوەیان بۆیە توێژەر بە گرنگەوە ڕوانیە ئەم بابەتە و کردیی بە بابەتی توێژینەوەکەی. هەروەها گرنگی ئەو توێژینەوە بەدەست دێت لە سروشتی توێژی گەنجان لەناو کۆمەڵگا و ڕۆڵیان، ئەو توێژە هێزێکی مرۆیی کاریگەر و گرنگن لە کیانی کۆمەڵگا، پێویستیان بە چاودێری و پاراستنە بۆ دابینکردنی دوارۆژ و سەربەخۆبوونی کۆمەڵگا.

### 3- ئامانجەکانی توێژینەوەکە The aims of the research

ئامانجی ئەم توێژینەوە لەم چەند خاڵەدایە:

1. زانینی کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لە گۆڕینی بەها کۆمەڵایەتیەکانی یەکەی توێژینەوەکە.
2. زانینی سروشتی پەیوەندی گۆڕاوە سەرەکیەکان (تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و گۆڕانی بەها کۆمەڵایەتیەکان) لای یەکەی توێژینەوەکە.
3. زانینی ئاراستەی گۆڕانی بەهاکان لای یەکەی توێژینەوەکە.
4. زانینی ئاستی گۆڕانکاری بە پێی گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە (ڕەگەز، کۆلێژ، قۆناغ، پسپۆری خوێندن، باری کۆمەڵایەتی، باری ئابووری).

### 4-بوارەکانی توێژینەوەکە:

**بواری مرۆیی:** بواری مرۆیی ئەو قوتابیانە دەگرێتەوە، کە لە زانکۆی سەلاحەددین، تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بەکاردەهێنن، لەم کۆمەڵگایەش نموونەیەکی مەبەستدار وەرگیراوە کە لە (320) قوتابی لە کۆلێژ و بەشە جیاوازیەکان پێکهاتوون بەرەوچاوکردنی جیاوازی پسپۆری و تەمەن و ڕەگەز.
**بواری شوێنی** ئەم توێژینەوەیە (زانکۆی سەلاحەددین)ە کە بە نموونە چەند کۆلێژ و بەشێك لەم زانکۆیە وەرگیراون لە هەردوو پسپۆری زانستی و مرۆڤایەتی لە خۆ دەگرێت.
**-بواری کاتی:** ئەو ماوەیەیە کە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە کە لە بواری مەیدانیدا پێویستە ئەویش لە (1-12-2021) تاوەکو ( 3-7-2022 )ە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## دووەم: دیاریکردن و ناساندنی چەمکەکانی توێژینەوەکە

چەمکەکان دەستەواژەیەکی گشتی یە و گوزارشتە لە کۆمەڵێك مانا بەیەکەوە گونجاو؛ هەروەك گوزارشتە لە ئەبستراکتبوونی واقیع؛ ڕێگا دەدات لە میانەیەوە گوزارشت لە واقیع بکات (ئەبراش؛ 2011؛ 72). لەم توێژینەوەشدا توێژەر هەوڵدەدات بە وردی پێناسەکانی هەریەك لە چەمکەکانی (تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، گۆڕانی بەهاکان، بەهاکان)بەم شێوەی خوارەوە بخاتەڕوو، جگە لە خستنە ڕووی پێناسەیەکی (ئیجرایی) بۆ چەمکەکانی توێژینەوەکە.

### 1-تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان Social networks

تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بریتین لەو خزمەتگوزاریەی کە لە ڕێگای تۆڕەکانی ئینتەرنێت دروست دەکرێت، کە ڕێگا بە تاکەکان دەدات بونیادی دۆسیەی تایبەت بە خۆیان بکەن، ئەو تاکانەش هەڵبژێرن کە پەیوەندیان لەگەڵ ئەنجام دەدەن، هەروەها ئەو گروپانە پێك بێنن کە خەسڵەتی هاوبەشیان لە نێوان هەیە، لە چوارچێوەیەکی پەیوەندیەکی ئەلیکترۆنی تێك هەڵكێش لە نێوان تاكەكان و گروپەکان کە لە ڕێگایەوە ئاڵوگۆڕی بۆ هەواڵ و زانیاری و وێنە و ڤیدیۆ و ڕاو و بۆچونەکان دەکەن Boyd, 2007, 62 ). یان بریتیە لە گرێدان و بەستنەوەی خەڵکی ناسراو بەیەکەوە لە نێو تۆڕێکی ئۆنلایندا؛ ئامانجی بنەڕەتی ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتیانە بۆ بەستنەوەی خەڵکە لە ڕێگەی کۆمپیوتەرەکانیانەوە بۆ ئەوەی لە پەیوەندیکردنی بەردەوامدابن جا چ لە ڕێگەی چاتکردن؛ گۆڕینەوەی نامە و وێنە و بابەتی دیکە یان بەئاگا بوون لە دیدو بۆچوون و چالاکیە جۆراوجۆرەکانی یەکتر (مەحموود،2015،126). تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانیش خزمەتگوزارییەکی ئەلکترۆنین؛ بوار بە بەکارهێنەرانی دەدا بە دروستکردن و ڕێکخستنی فایلی کەسی؛ هەروەها دەستەبەرکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی تردا (joan,2018,45). لەبەر ڕۆشنایی ئەم پێناسانەی خستمانە ڕوو دەتوانین پێناسەیەکی کارایی بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بکەین بەوەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان یەکێکە لە ئامرازەکانی میدیای نویٚ؛ ڕێگا بە بەشداربوان دەدا بۆ پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی دی و پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری جیاجیا بۆ بەشداربوان و یەکارهێنەران و دروستکردنی کۆمەڵگایەکی گریمانەیی کە لە ئاست و خواستی ئەوان بێ.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 2-گۆڕان Changes

گۆڕان ئاماژەییە بۆ گواســـتنەوەی هەرشـــتێک یاخود دیاریدەیەک لە بارێکەوە یاخود دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر، یان ئەو ڕاست کردنەوەو و چاککردنەی ڕوودەدات لە سروشت یا ناوەڕۆکی یا شێوەی دیاریدەیەکدا (طبال، 2012، 407).

## 3-بەهاکان Values

بەها کۆمەڵێك بیروبۆچوون و وێنای هزریین؛ ڕەفتاری ئەندامانی کۆمەڵگا ڕێکدەخەن و ئاراســـتە دەکەن(عزیز؛2006؛18). هەروەها بەهاکان بریتیە لە ئەو پێوەرانەی بەکاریان دەهێنین بۆ بڕیاردان لەســـەر بەهای شـــتێك کە لە ڕێگەیانەوە بڕیار لەســـەر (خەڵك؛ کردار؛ هەڵوێســـتەکان) دەدرێت (غیث؛2016؛504). هەروەها ئەو پاڵنەرە ئایدیۆلۆژییەیە کە کار دەکاتە ســـەر هزر و ڕەفتاری مرۆڤ یاخود دیســـپلینی ڕەفتارییە کە هزر و بیرو باوەڕەکانی مرۆڤ کاری تێدەکات؛ ئەم دیســـپلینانەش ڕەفتاری مرۆڤ دەخەنە قالبێکی دیاریکراوە بە جۆرێك کە لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵگە داوای دەکات و بە باشی دەزانێت بسازێت (الحسن؛2012؛85)

لێرەوە دەکرێت پێناســـەیەکی کارایی بۆ بەهاکان بکەین بەوەی بەهاکان بە مانای وەرگرتنی بڕیارە کە تاکەکانی کۆمەڵگا لە ڕەفتار و هەڵس و کەوتیان ئەنجامی دەدەن؛ دەربارەی بابەتێك؛ کە ئەمەش بیروباوەڕ و یاسا و نەریتی کۆمەڵگا دیاری دەکات.

## 4-گۆڕانی بەهاکان Changes of values

فەرهەنگی زاراوە نوێیەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندی پێناسەی دەکات بەوەی: ئەو ڕووداوەیە کە مانای گواستنەوەیە لە قۆناغێك بۆ یەکێکی دیکە یان گۆڕانە لە بارێك بۆ بارێکی دیکە کە بەسەر ڕێکخستن و بونیادی کۆمەڵایەتی دادێت کە ئەرك و بەها و ڕۆڵی کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە لە ماوەیەکی زەمەنی، دەشـــێ ئەو گۆڕانە ئەرێنی یان نەرێنی بێ. (عبدالله، 2014، 106). گۆڕانی بەهاکانیش: ئەو گۆڕانەیە کە بەسەر نەسەقی بەهای دادێت؛ لەوانەیە ستوونی بێت مەبەستیش لێی چاککردن و سازکردنە؛ واتا دانانی بەها لە پەیژەی بەهای کۆمەڵگا؛ یان ئاســـۆییە بە واتای چاککردن یان گۆڕینی بەها و ناوەڕۆکەکەی (حسان؛ 2017؛ 209).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لێرەوە دەكرێت پێناسەیەكی كارایی بۆ گۆڕانی بەهاكان بكەین بەوەی ئەو گۆڕانكاریەیە كە بەسەر بەهاكانی كۆمەڵگادا دێت لە ماوەیەكی دیاریكراودا؛ لە ژێر كاریگەری تۆڕە كۆمەلایەیتیەكان كە دەتوانرێ تێبینی و هەڵسەنگاندنی بۆ بكرێ.

## سێیەم: توێژینەوەكانی پێشوو

هەر توێژەرێك كاتێك دەیەوێت توێژینەوە لەسەر بابەتێك بكات؛ پێویستـ دەكات پشت بە بنەما و كۆڵەگەی زانستی ببەستێت (تیۆری و مەیدانی) كە دەتوانن یارمەتیدەر بن بۆ گەیشتن بە ڕاستی و مەبەست؛ یەكێك لەو كۆڵەگە سەرەكیانە كە توێژەران پشتیان پێدەبەستن توێژینەوە و توێژینەوەی پێشووترن؛ كە دەتوانێت بەهۆیانەوە توێژینەوەكەی بگەینێت بەو ئاستە خوازراوەی توێژینەوەكە پێیگەیشتووە لە ڕووی ئاگاداربوون و وەستان لەسەر ئەو باس و لایەنانەی پەیوەندیەكی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی بە توێژینەوەكەی ئەوەوە هەیە (الزیباری؛2003؛31).
لەم توێژینەوەیەشدا هەندێك توێژینەوە دەخرێتە ڕوو كە لەگەڵ گۆڕاوەكانی توێژینەوەكە هاوشێوە و لێكچوونی هەیە.

### 3-توێژینەوەی (محمد ،2014) بە ناونیشانی (بەكارهێنانی پێگە ئەلیكترۆنیە كوردییەكان لەلایەن لاوانی زانكۆ و تێربوونەكانیان)

ئامانجەكانی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە بەكارهێنانی پێگە ئەلیكترۆنیەكان لەلایەن لاوانی زانكۆ لە ڕووی چۆنیەتی؛ شێواز؛ مەودا؛ كات و بواری بەكارهێنانەوە بە چ شێوازەیەكە؛ هەر لەم پێناوەدا؛ هەوڵدراوە ئەو فاكتەرانە ئاشكرا بكرێت كە كار دەكاتە سەر لاوانی زانكۆ؛ میتۆدی بەكارهاتوو لەم توێژینەوە میتۆدی ڕووپێویە؛ قەبارەی نموونەكەش (300) قوتابییە لە هەردوو كۆلێژی (ئەدەبیات و زانستی) لە زانكۆی سەلاحەدین؛ هەولێر بە هەردوو ڕەگەزی (نێر و مێ)؛ كە بە شێوەی نموونەی هەڕەمەكی چینایەتی وەرگیراون؛ وە گرنگترین كەرستەكانی كۆكردنەوەی زانیاری كە لەم توێژینەوەدا بەكارهێنراون بریتین لە؛ فۆرمی ڕاپرسی؛ چاوپێكەوتن؛ وە بۆ گەیشتن بە ئەنجامەكانی پشت بەستراوە بە هەگبەی ئاماری (spss) بۆ زانستە كۆمەڵایەتییەكان، لە كۆتاییدا توێژەر و گەیشتووە بە چەند ئەنجامێك لەوانە: لاوانی زانكۆ بە پلەی یەكەم زمانی كوردی لە پێگە ئەلیكترۆنیەكاندا بەكاردەهێنن لە دوای ئەو زمانی عەرەبی دێ؛ ئینجا بە پلەی سێیەمیش زمانی ئینگلیزی بەكاردەهێنن؛

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەبارەت بە ڕەگەزەکانی توێژینەوەکەش دەریخستووە کە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ وەکو یەك سەردانی پێگە ئەلیکترۆنیەکان دەکەن؛ واتە جیاوازییەکی ئاماژەکاریی ئاماری لە نێوان ڕێژەی بەکارهێنانی پێگەی ئەلیکترۆنی جۆرایەتییدا نییە؛ قۆناغی خوێندن بۆ ڕادەی بەکارهێنان جیاوازیەکی ئاماژەداری ئاماری لە نێوان ڕێژەی بەکارهێناندا نییە؛بەڵام توێژینەوەکە ئەوەی ئاشکرا کردووە کە جیاوازیەکی ئاماژەداری ئاماری لە نێو قۆناغەکانی خوێندن هەیە؛ هەروەها جیاوازی پسپۆری لە نێوان قوتابیانی زانکۆ بووتە هۆی جیاوازی سەردانی قوتابیانی ئەو بەشانە بۆ پێگە ئەلیکترۆنیەکان؛ واتە بوونی جیاوازییەکی ئاماری لە نێوان ئاراستەکانی نموونەی توێژینەوە بۆ تێربوونەکانیان پێگەی ئەلیکترۆنی هەیە بەڵام بۆ ڕادەی بەکارهێنان بوونی جیاوازییەکی ئاماریی لە نێوان ئاراستەکانی نموونەی توێژینەوە بۆ بەکارهێنانی پێگەی ئەلیکترۆنی نییە؛ هەروەها ئەوەش ڕوون بۆتەوە کە پەیوەندیەکی ئاماژەداریی ئاماری ڕاستەوانەیی نا کاریگەر لە نێوان بوارەکان و تێربوونەکان بۆ بەکارهێنانی پێگەکانی ئەلیکترۆنییەکان لەلایەن لاوانی زانکۆ هەیە.

**4-توێژینەوەی (عبدلله ،2015) بە ناونیشانی (گۆڕانی بەهاکان لای قوتابیانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستان)**

ئامانجەکانی ئەو توێژینەوە بریتیە لە زانینی گۆڕانی بەهاکان لای قوتابیانی زانکۆ وە چەند ئامانجێکی لقیشی هەیە لەوانە زانینی بەها لای قوتابیانی زانکۆ هەروەها زانینی گۆڕانی بەهاکان لای نموونەی توێژینەوەکە بەرەچاوکردنی چەند گۆڕاوێك وەك (ڕەگەز؛ پسپۆری؛ قۆناغ) هەروەها زانینی گۆڕانی بەهاکان لای قوتابیان بە پێی گۆڕاوی شوێن کە دهۆك و هەولێرە.

میتۆدی بەکارهاتوو لەم توێژینەوە بریتیە لە میتۆدی وەسفی- ڕوپێوی وە قەبارەی نموونەی توێژینەوەکە بریتیە لە (600)یەکە کە بە ڕێگای هەڕەمەکی چینایەتی هەڵبژێردراون کە دابەش بووە بەسەر (12) کۆلێژ لە هەردوو زانکۆی دهۆك و سەلاحەدین بە لقەکانی زانستی و مرۆڤایەتی وە یەکەکانی توێژینەوەش بریتین لە قوتابیانی قۆناغەکانی یەکەم و چوارەم؛ وە ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاریش بریتیە لە فۆرمی پێوانە؛ هەروەها هەگبەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان (spss) بۆ شیکردنەوەی داتاکان بەکارهێنراوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ســەبارەت بە ئەنجامەکانی توێژینەوەکەش توێژەر گەیشــتووە بەو ئەنجامەی کە تایبەتە بە پێوەری گۆڕانی بەهاکان بە جیاوازی ئاماژەی ئاماری لە بەرژەوەندی قوتابیانی زانکۆ بووە بەوەی کە بەهای تیۆری و سـیاسـی و کۆمەڵایەتی و دینی و جوانی و ئابووری لەلایەن گۆڕاوە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئاســتی چینایەتی و جیاوازی ژینگەیی و ناوچە و ســیســتەمی ئابوری هەروەها جیاوازی یاخود ئاســتێکی نزیکی هەیە لە گۆڕانی بەهاکان لەلایەن نێر و مێ ئەمەش بەهۆکاری کاریگەری ژینگەی کە بۆ هەردوو ڕەگەز وەکو یەکە؛ هەروەها دەرکەوتووە کە ئەوانەی پســپۆریەکەیان زانســتی یە زیاتر بەهاکان لایان گۆڕاوە لەو قوتابیانەی پســپۆری کۆمەڵایەتیان هەیە ئەمەش لەبەر ئەوەی کە مامەڵە لەگەڵ ماددە دەکەن وەکو ڕاســتیەکی تیۆری؛ هەروەها بەهاکان لای قوتابیانی قۆناغی چوارەم زیاتر گۆڕاوە لە قۆناغی یەکەم ئەمەش لەبەر ئەزموون و ئەوەی پێگەیشــتوون لە بیرورا و داهێنان و ڕۆشــەنبیری زانســتی؛ باوەڕبوون بە خۆی؛ وە قوتابیانی زانکۆی صــلاح الدین بەهاکان لایان زیاتر گۆڕاوە لە قوتابیانی زانکۆی دهۆك کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ شـوێنی جوگرافی و زۆری بەشـەکان لە زانکۆ کە دەبێتە دەرفەتێك بۆ قوتابیان بۆ دەرفەتی هەڵبژاردنی زیاتر.

**تاوتوێ کردنی توێژینەوەکانی پێشوو:**

-لە ڕووی ئامانجەوە: ســەبارەت بە ئامانجی توێژینەوەکان بۆمان دەرکەوت کە توێژینەوەی (محمد 2014) ئامانجی سـەرەکی بریتیە لە بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنیەکان لەلایەن لاوانی زانکۆ لە ڕووی چۆنیەتی، شــێواز، کات، بواری بەکارهێنان. وە توێژینەوەی (عبدالله 2015) یەکێك لە ئامانجەکانی بریتیە لە زانینی گۆڕانی بەهاکان لای قوتابیانی زانکۆ کە ئەمەش دەرخەری ئەوەیە تا ڕادایەك لە ئامانجی توێژینەوەکەی ئێمە نزیکن.

-لە ڕووی بەکارهێنانی میتۆدەوە: میتۆدە بەکارهاتووەکان لەم توێژینەوانەدا وەکو یەکن، بە مانایەکی دیکە میتۆدی وەســفی -شــیکاری- بە تەکنیکی ڕووپێوی کۆمەڵایەتیان بەکارهێناوە کە هاوشــێوەیە لەگەڵ میتۆدی توێژینەوەکەمان.

-لە ڕووی نموونە و قەبارەی نموونەوە: دیاریکردنی قەبارەی جۆری نموونە لە هەر توێژینەوەیەکدا وەســتاوە لەســەر ئەو کۆمەڵگایەی کە توێژینەوەکەی لێ ئەنجامدەدرێت، هەردوو توێژینەوەکە نموونەکەیان لە جۆری هەڕەمەکی چینایەتی یە، قەبارەی نموونەکانیش (300) و (600) یەکەیە،

ئەوەش لەبەر بوونی جیاوازی بۆچوونی توێژەر و خەسـڵەت و تایبەتمەندی ئەم کۆمەڵگایەی توێژینەوەکەی لێ ئەنجامدراوە.

-لە ڕووی ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیارییەوە: ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری لە توێژینەوەی (محمد 2014) بریتیە لە فۆرمی ڕاپرسـی و چاوپێکەوتن، لە توێژینەوەی (عبدالله 2015) بریتیە لە فۆرمی ڕاپرسی. لە توێژینەوەکەی ئێمە (پێوەر) بەکارهاتووە وەکو ئامرازێکی گونجاو بۆ بابەتەکەمان.

-لە ڕووی ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان: هاوشێوەی توێژینەوەکەی ئێمە هەگبەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتیەکان (SPSS) بەکارهاتووە.

## چوارەم: تیۆرەکانی توێژینەوە

تیۆری زانستی scientific theory بە گشتی؛ جێگەیەکی تایبەتی لە توێژینەوەی زانستیدا هەیە؛ جا بابەتی ئەم توێژینەوە دەربارەی دیاردەیەکی سروشتی بێت یان مرۆیی؛ بەشێکیش لە توێژەران بۆ دیاریکردنی(ناسنامە)ی هەر زانستێکی لە زانستەکان بایەخێکی تایبەتی پێدەدەن و پشتی پێدەبەستن؛ تیۆری کۆمەڵایەتیش: بریتیە لە کۆمەڵە چەمکێکی پەیوەست بە شێوەیەکی گونجاو کە بابەتەکانی گرنگی بە شیکردنەوەی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو دەدەن؛ کە بە شێوەیەکی ڕێکخراو تێبینی دەکرێت (زێباری؛2017؛19) ئەم تیۆرانەش کە وا ڕوونکردنەوەی گرفتی توێژینەوەکەمان دەکەن بریتین لەمانەی خوارەوە:

### 1- تیۆری کارلێکی هێمایی Symbol interaction (1937)

تیۆری کارلێکی هێمایی بە یەکێك لە تیۆرە هاوچەرخە گرنگ و سەرەکیەکانی دادەنرێ، تیۆری کارلێکی هێمایی پێیوایە تاك لە جیهانێکی پڕ لە هێما و مانا دەژی، چواردەوری هەموو هەڵوێستەکانی گرتووە و کارلێکی کۆمەڵایەتیش زۆر پێ کاریگەرە و ڕۆژانە بە شێوەیەکی بەردەوام بەکاری دەهێنێ، بەڵام بایەخ یان گرنگیدانی زۆری تاك بە هێما لە کاتێکدایە کە لە ڕێگەی ماناکانیانەوە بۆ گوزارشتکردن لە پێداویستیە کۆمەڵایەتی و ئارەزوو کەسیەکانی بەکاری دەهێنێ، کەواتە هێما لە ڕوانگەی ئەم هزرەوە بریتیە لە ئاماژەیەکی دیاریکراو بۆ گوزارشتکردن لە بابەتێکی دیاریکراو ماددی یان مەعنەوی بێت (الزیباری، 2016، 167). تێڕوانینی کارلێکی هێمایی بۆ کێشە کۆمەڵایەتیەکان لەو دیدەیە، کە ڕەفتاری تاکەکان بەرهەمی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانە، وە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی

بنەمایەکی سەرەکی لە کارلێکی مرۆیی پێك دەهێنێ، وە کارلێکردن ئاماژەیە بۆ بەرهەمی پرۆسەی کارلێکردن لە چوارچێوەی هەریەك لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی و کلتووری کە بەشدارن تێیدا، تاکەکان تێڕوانینیان بۆ ژیان پێك دێت لە رێگای بەشداریکردنیان لە کلتووری تایبەت، ئەوان فێرە ووتە و بیرکردنەوە و گۆڕان و هەڵس و کەوت دەبن بە کارلێکردنیان لە ژیانی رۆژانە، لەبەر ئەوە ئەوان لە گەشە و گۆڕانی بەردەوام دان، دواتر هەر کەم و کوریە کلە کەسایەتی تاك یاخود رەفتاری کۆمەڵایەتی بەرهەمی کەم و کورییە لە پرۆسەی کارلێکردنی کۆمەڵایەتی، بە پێچەوانەی تیۆری وەزیفی و ململانێ، تیۆری کارلێکردن سەیری واقیعی کۆمەڵایەتی دەکا لە میانەی هێماکانەوە (عبدالعظيم، 2020، 58). بۆیە کارلێکی هێمایی دوو مانای پەیوەست بەیەکەوە لەخۆ دەگرێت:

یەکەمیان: کارلێکی کۆمەڵایەتیە کە بنەماکەی کرداری کۆمەڵایەتی ئاراستەکراو، کە (مانا) لە خۆ دەگرێت.

دووەمیش: پرۆسەی کارلێکەکەیە کە لە چوارچێوەی سیستەمێکی هێمای ئەنجام دەدرێت و ئەوانەی کارلێك دەکەن بەشداری دەکەن لە ماناکان کە بە شێوەی هێمایە و ئەمەش پرۆسەی تێگەیشتنە، کە ئەویش پشت دەبەستێت بە چالاکی عەقڵ و کەڵەکەبوونی مەعریفە لە ماناکان و تێڕوانین و بیروباوەڕدا (زێباری، 2017، 23).

### 2- تیۆری چاندنی رۆشنبیری ( الغرس الثقافی ) Cultivation Theory (1960)

تیۆری چاندنی رۆشەنبیری بە یەکێك لەو تیۆرە گرنگانە دادەنرێت کە مامەڵە لەگەڵ کاریگەری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەکات لەسەر تاك و کۆمەڵگا، لە روانگەیەکی زۆر فراوان، ئەژمارێك بۆ (بەهای رۆشەنبیری) دادەنێت لەکاتی شیکردنەوەی ئەو کاریگەریەی کە ڕوو دەدات لە لایەن ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و ناوەڕۆکی ڕاگەیاندنەوە (مهنا، 2002، 262).

هەڵبەتە چاندنی رۆشنبیری باس لە کاریگەری کۆمەڵایەتی دەکات؛ بە تایبەت کاریگەری ئامێرە نوێیەکانی تەکنەلۆجیای پەیوەندی و زانیاری لەسەر هەست و بیرو باوەڕە لە واقعی کۆمەڵایەتیدا؛ (احمد؛ 2015؛ 29)

-بۆیە ئامرازەکانی راگەیاندن توانای کاریگەری زۆری هەیە لەسەر مەعریفە و درك پێکردنی تاکەکان، لەبەر ئەوەی بە شێوەیەکی فراوان و زۆر ئەم ئامرازانە لە دەوروبەری تاکدا هەیە.

-هەروەها زۆری بەرکەوتنی تاکەکان بۆ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەبێتە هۆی ئەوەی وەرگر یاخود بینەر کۆمەڵێك مانا و بیروڕا و بیرۆکە و وێنەی زهنی وەربگرێ کە دەبێتە هۆی دروســـتبوونی واقعێکی هێمایی جیاواز لە واقعی کردەیی کە لە ژینگەی کۆمەڵایەتی دا بوونی هەیە.
هەموو ئەوانەش بەو مانایە دێت کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەتوانێ چاندن بکات لە بیروهۆشـــی بینەر، بەوەی واقعی تۆڕەکانی پەیوەندی شـوێنی و جێگرەوەی واقعی کردەیی یاخود سروشتی بێت (محمد، 2017، 13).

-پراکتیزەکردنی تیۆرەکان لەسەر بابەتی توێژینەوەکە
-ســـەبارەت بە تیۆری کارلێکی هێمایی:کە شـــیکاری پرۆســـەی کارلێکردن لە نێوان تاکەکان دەکات، هەروەها ڕاڤەی ســـروشـــتی کارلێکی کۆمەڵایەتی تاك دەکات، دواتر ئەو کارلێکردنە دەبێتە هۆی وا بەســـتەبوون و دروســـتکردنی کۆمەڵێك مانا و هێما کە ئەمەش هەمان شـــتە کە لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان ڕوودەدات، تاکەکان لە ڕێگای تۆڕەکانی پەیوەندی، پەیوەندی دروســـت دەکەن و کارلێك دەکەن دواتر وا بەســـتەبوون و تێکەڵاوبوون دروســـت دەبێ بەرەو پەیوەندی گریمانەیی و دورکەوتنەوە لە پەیوەندی ڕووبەڕوو و واقعی، لە ئەنجامدا کۆمەڵێك مانا و هێما و بەهای نوێ دروست دەبێ ئەرێنی یاخود نەرێنی، کە ئەمەش پشت بە سروشتی پەیوەندیەکە دەبەستێ.
-ئەوەی پەیوەســتە بە تیۆری چاندنی ڕۆشــەنبیری : کە باس لە کەوتنەبەری کەڵەکەبووی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و کاریگەربوون لە ڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەســـەر جەماوەر دەکات، کە ئەوەش گونجاوە و لەبارە بۆ توێژینەوەکەمان کە بەهەمان شـــێوە باس لە کەوتنە بەر و کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان دەکات لەسەر قوتابیانی زانکۆ، کە ئەو زۆر بەرکەوتن و بەکارهێنانە بەبێ هۆشیاری و ئاگاداری لە ڕاســـتیەکانی واقعی کۆمەڵایەتی بە شـــێوەیەکی بە دوایی یەکدا دەبێتە بنەمایەك بۆ وێنەیەکی زهنی و دورکەوتنەوە لە واقعی کۆمەڵایەتی، دروســـتبوونی واقعێکی هێمایی جیاواز لە واقعی کردەیی کە لە ژینگەی کۆمەڵایەتی دا بوونی هەیە.

## پێنجەم:چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە

لەم بەشەدا توێژەر هەوڵیداوە بە شێوەیەکی زانستی میتۆدی توێژینەوەکە و کۆمەڵگای توێژینەوەکە و چۆنیەتی وەرگرتنی زانیاری و جۆری نموونەی توێژینەوەکە بخاتە ڕوو،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەروەها ئەو ئامرازە ئامارییانەی لە شــیکردنەوەی داتاکاندا بەکارهێندراوە. بخاتە ڕوو بەم شــێوەی خواراوە.

## 1- میتۆدی توێژینەوەکە Method of Research

میتۆدی توێژینەوە بریتیە لە هەموو ئەو ڕێباز و ڕێگایانەی کە بە هۆیەوە توێژینەوەیان پێ ئەنجام دەدرێت لە بابەتێکی دیاریکراو (البلداوی، 2004، 233) لەو توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە بە شــێوەیەکی گشتی سوود لە میتۆدی وەسفی بە ڕێبازی (ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بە نموونە) وەربگیردرێ بۆ گەیشتن بە وەڵامی لۆژیکی ســەبارەت بە پرســیارەکانی توێژینەوە، ئەم میتۆدەش بە گونجاوترین شــێواز هەژمار دەکرێت بۆ لێکۆڵینەوەی زانســتی و زانیاری وەرگرتن ســەبارەت بە کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەســەر گۆڕانی بەهاکان لەگەڵ زانینی هەڵومەرج و دۆخی و چەندین لایەنی تری یەکەی توێژینەوەکە.

## 2- کۆمەڵگای توێژینەوەکە Society of Research

کۆمەڵگای توێژینەوە بریتیە لەو کۆمەڵگایەی بڕیارە توێژینەوەکەی لەســەر ئەنجام بدرێت و ئەنجامەکانی توێژینەوەکەش شایانی گشتاندن بێت، بەسەر هەموویاندا، واتە تەواوی یەکەکانی ئەو دیاردەیەی توێژەر بەنیازە توێژینەوەی لەســەر بکات (شــوانی، 2015، 243) کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەش قوتابیانی بەکالۆریۆسی زانکۆی سەلاحەددین دەگرێتەوە، بۆ ساڵی خوێندنی (2021-2020) کە ژمارەیان (25198) قوتابییە لەم ژمارەیەش (11470) قوتابی نێر و(13728) قوتابی مێ.

## 3- نموونەی توێژینەوەکە Sample of the Research

جۆری نموونەیی بەکارهاتووە لەم توێژینەوە بریتیە لە نموونەی ( هەڕەمەکی چینایەتی، ڕێژەیی) ئەم جۆرە نموونەیە ئەوکاتە بەکاردێت کە کۆمەڵگای توێژینەوەکە هەڵگری بونیادێکی هاوجۆرن، بەڵام بە ئاستی جیاواز، یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە لە (320) یەکە پێکدێت لە قوتابیانی زانکۆی سەلاحەددین بەپێ ی پسپۆری (زانستی-مرۆیی) دیاریکراو،لەو کۆلێژانەش (کۆلێژی ئەندازیاری،

کۆلێژی زانست، کۆلێژی ئەدەبیات، کۆلێژی زمان) بەهەموو بەشەکانیانەوە بەپێ ی گۆڕاوی ڕەگەز و قۆناغی خوێندن (قۆناغی یەکەم و قۆناغی چوارەم) وەرگیراوە.

### 4- ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری

ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری زۆر و جۆراوجۆرن، بنەمایەکن بۆ بەدەستهێنانی زانیاری وورد و زانستی، هەروەها چوارچێوەیەکن بۆ دەوڵەمەندکردنی بابەتی توێژینەوەکە، لەم توێژینەوەدا پشت بەستراوە بە (پێوەر) وەك ئامرازێکی سەرەکی بۆ کۆکردنەوە و بەدەستهێنانی زانیاری.

### 4.1-ڕاستگۆیی (ڕاستی ڕواڵەتی Face validity) پێوەرەکە

### ڕاستێتی ڕواڵەتی (Face validity)

بۆ گەیشتن بە ڕاستێتی ڕواڵەتی، پێوەری توێژینەوەکەمان خستنە بەر دیدی دەستەیەکی پسپۆر بە پلەی پرۆفیسۆر و پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە بەشەکانی کۆمەڵناسی و ڕاگەیاندن، تاوەکو بۆچوونی خۆیان لەبارەیەوە بخەنە ڕوو، لە ئەنجامی ئەم پرۆسەیەدا کە (72) برگە بوون، (16) برگە لابران و ( 56 ) برگە مانەوە، توێژەر پابەندبوو لە مانەوەی ئەو برگانەی کە جێگەی ڕەزامەندی پسپۆریان بەدیهێناوە. لە پاشکۆی (1) ناو و پلەی زانستی شارەزاییان خراوەتە ڕوو.

### 4.2- جێگیری (Reliability)

لەبەرئەوەی جێگیری ئاماژەیە بۆ بوونی پلەیەکی بەرز لە وردی و چۆنیەکی ناوەخۆیی (الخیاط، 2010، 121)، گرنگیشە بۆ پشت بەستن بە پرسیارنامەکە، لەبەرئەوە پشتمان بە جێگیری بە ڕێگەی دووبارە تاقیکردنەوە بەست:

### 4.2.1- جێگیری بە ڕێگەی دووبارە تاقیکردنەوە Test retest

بۆ دەرهێنانی جێگیری پێوەرەکە لە ڕێگەی دووبارە تاقیکردنەوە، بە شێوەیەکی هەڕەمەکی پرسیارنامەکەمان دابەش کردووە بەسەر (30) یەکە لە هەردوو ڕەگەز، دوای (15) ڕۆژ جارێکی تر پرسیارنامەکە دابەش کردەوە بەسەر هەمان ئەو یەکانەدا، دەرکەوت کە ڕێژەی جێگیری پرسیارناکە بریتیە لە (0.287) بۆ تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و (0.717) بۆ بەهاکان، هەروەك لە خشتەی ژمارە (1) ئەمە ڕوون دەکاتەوە:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی (1): Test –r-Test

| پێوەرەکان | قۆناغ | ژمارە | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەیی | t-test | پەیوەندی سپێرمان | بڕیار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| یەکەم | Before | 30 | 75.366 | 7.631 | -0.966<br>p-value (0.342)<br>بەهادار نییە | 0.287<br>p-value<br>(0.124) | ئاماژەدار نییە |
| | After | 30 | 77.066 | 7.934 | | | |
| دووەم | Before | 30 | 99.766 | 6.750 | -0.226<br>p-value (0.822)<br>بەهادار نییە | 0.717<br>p-value<br>(**0.000) | ئاماژەدارە |

**ئامرازە ئامارییە بەکارهێنراوەکان:**

توێژەر هەولیدا سوود لە هەگبەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان(SPSS ) وەربگرێت بۆ خشتە بەندی و دەرکردنی ئەنجامەکان. وە ئەم ئامرازە ئامارییانەی بەکارهێناوە (ناوەندی ژمێرەیی، لادانی پێوەری ، هاوکێشەی پەیوەستی سپێرمان تاقیکردنەوەی (t)، تاقیکردنەوە ئەنۆڤا (f)، ناوەندی سەنگکراو).

## شەشەم:خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان

### خستنەڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و تاوتوێکردنی

**ئامانجی یەکەم- ئاستی کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لە گۆڕانی بەهاکان لە لای یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بە بەراورد بە ناوەندی گریمانەکەی.**

بەمەبەستی ئاشنابوون بە ئاستی کاریگەریەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لە گۆڕینی بەهاکان لە لای یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە، توێژەر پەنای بردووە بۆ دەکردنی ناوندی گریمانەی هەردوو پێوەرکە وبەکارهێنانی بەمەبەستی بەراوردکردنی هەردوو ناوەندەکە*، بە پێی داتای خشتەی(2) بۆمان دەردەکەوێ کە ناوەندی ژمێرەیی وەڵامی یەکەکانی توێژینەوەکە بۆ پێوەری تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بریتیە لە (156.840) بە لادانی پێوەری(16.921)، بە بەراوردکردنی بە ناوەندی گریمانەیی پێوەری تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان کەیەکسانە بە (78) وە بەهای (t) دەرهێنراو یەکسانە بە(17.803) بەراورد بە

* - ناوەندی گریمانەیی یەکسانە بە ئەنجامی لێکدانی ناوەندی هێزەکانی بە ژمارەی بڕگەکانی پێوەرەکە (1+2+3+4+5=15/5=3*26=78 ) بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان (1+2+3+4+5=15/5=3*30=90) بۆ پێوەری بەهاکان .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەهای خشتەیی (2.364) بۆمان دەردەکەوەێ کە ئاماژەدارە بەئاستی (0.01)، لە بەرژەوەندی یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە کە ناوەندەکەیان بەرزترە، ئەمەش ئەمە ئەگەینی کە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان کاریگەریەکان ئاستێکی بەرزی هەیە لەگۆڕانکاری بەهاکان لە لای یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە.

هەروەها بۆ پێوەری بەهاکان بۆمان دەردەکەوێ کە ناوەندی ژمێرەیی یەکسانە بە (174.580) لادانی پێوەری(19.558)، بە بەراوردکردنی بە ناوەندی گریمانەیی دەرهێنراوی پێوەری بەهاکان کەیەکسانە بە (90)، وە بەهای (t) دەرهێنراو یەکسانە بە(31.629) بەراورد بە بەهای خشتەیی (2.364) بۆمان دەردەکەوەی کە ئاماژەدارە بەئاستی (0.01)،لە

**خشتەی (2) ئەنجامی جێبەجێکردنی تاقیکردنەوی t لەسەر هەردوو پێوەری توێژینەوەکە بەراورد بە ناوەندی گریمانیەکەی**

| پێوەرەکان | ناوەندی ژمێری | لادانی پێوانەیی | ناوەندی گریمانەی | T بەهای دەرهێنراو | T بەهای خشتەیی | نمرەی ئازادی | ئاستی ئاماژەداری 0.01 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان | 156.840 | 16.921 | 78 | 17.803 | 2.364 | 318 | ئاماژەدارە |
| بەهاکان | 174.580 | 19.558 | 90 | 31.629 | | | ئاماژەدارە |

بەرژەوەندی یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە کە ناوەندەکەیان بەرزترە، ئەمەش ئەمە ئەگەینی کە گۆڕانکاری رویداوە لە بەهاکان لە لای یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە.

**ئامانجی دووەم-** شێوازی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان وپەیوەندی بە بەهاکان لای یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە.

بەمەبەستی گەیشتن بە شێوازی بەکارهێنەری تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لەلایەن یەکەکانی نموونەیی توێژینەوەکە، وەك لە خشتەی ژمارە (3) بۆمان دەردەکەوێت کە تۆڕەکانی سناپ چات و ئەنستاگرام زۆرترین بەکارهێنەری هەیە بە رێژەی (25.1%) (23.1%)، پاشان ماسنجەر (19.1%)، فەیسبوك (17.6%)، تویتر (9.8%)،لینکدن (2.6%)، بەڵام تۆڕەکانی دیکە بە رێژەی (2.7%) لێرە سناپ چات زۆرترین بەکارهێنەری هەیە چونکە یەکێکە لەو پێگە کۆمەڵایەتیانەی لەلایەن گەورە و بچوکەوە پەسەندە. ئەپڵکیکەشنێکە کۆمەڵێك خاسیەت و تایبەتمەندی سەرەنج ڕاکێشی هەیە، بە تایبەتی

لەلایەن گەنجانەوە، تایبەتمەندی تۆمارکردن و پەخشکردنی وێنە و ڤیدیۆی هەیە، وە فلتەری زۆری هەیە بە بەراورد بە تۆڕەکانی دیکە، نوێ تریشە. بۆیە لەو ساڵانەی دوایدا بەکارهێنەری زۆری هەیە، بە پلەی دووەم ئینستاگرام دێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ خاسیەتی کە هەیەتی لە ناساندنی کەسانی ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، کە بواری فاشیۆن و مۆدێلەکانی بەرەو دونیایەکی تر ڕاگواست، لینکدن کەمترین بەکارهێنەری هەیە، هەر چەندە تۆڕێکی کۆمەڵایەتی بازرگانیە بەکاردێت بۆ ئیدارەدانی کاری بازرگانی و پیشەیی و گەڕان بەدوای دەرفەتی کار، بەڵام ئەوەی لێرەدا دەبینرێ هەرچەندە یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە لە توێژی گەنجن زۆر ئاشنا نین بە بەکارهێنانی تۆڕی لینکدن سەرەڕای گرنگیشی، واتە ئاراستەی یەکەکانی نمونەی توێژینەوە بەرەو شتی خۆشگوزەرانی (ترفیهی) ترە نەوەکو وگەڕان بەدوای دەرفەتی کار وفێربووندا، وەک ئەوە لە خشتەی(3) دەردەکەوێت.

**خشتەی(3) جۆری تۆڕە کۆمەڵایەتی نموونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە**

| تۆڕی کۆمەڵایەتی | N | % |
|---|---|---|
| فەیسبووک | 172 | 17.6% |
| ئەنستگرام | 226 | 23.1% |
| سناپ چات | 245 | 25.1% |
| لینکد ان | 25 | 2.6% |
| ماسنجەر | 187 | 19.1% |
| تویتەر | 96 | 9.8% |
| هیتر | 26 | 2.7% |
| کۆی گشتی | 977* | 100% |

**ئامانجی سێیەم- دەرکردنی جیاوازی بەگوێرەی گۆڕاوە سەرەکیەکانی نموونەی توێژینەوەکە لە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتی وکاریگەریان بە گۆڕانی بەهاکان.**

ئاستی جیاوازی لە گۆڕاوە سەرەکیەکانی نموونەی توێژینەوەکە.

* - کۆی گشتی هەڵبژاردن = 977 لەبەر یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە. لەیەک هەڵبژاردن زیاتریان هەڵدەبژادوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەمەبەستی گەیشتن بە ئەنجام وبەڕاوردکردنی چەندین گۆڕاوی بەکارهاتوو وەک (ڕەگەز، کۆلێژ، قۆناغ، تەمەن، باری کۆمەڵایەتی، ئاستی بژێوی)، کە یەکە یەکە ئەنجامەکانیان دەخەینە ڕوو لە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان وکاریگەریان لەسەر بەهاکان.

أ- زانینی ئاستی جیاوازی بە گوێرەی گۆڕاوی ڕەگەز.

لە ئەنجامی جێ بەجێ کردنی تاقیکردنەوەکانی (t) بۆ دەرکردنی جیاوازی لە گۆڕاوی رەگەز بۆمان دەردەکەوێ کە بەهای(t)ی دەرهێنراوە یەکسانە بە (0.383) بە ناوەندی ژمێریاری(2.793)و لادانی پێوانەیی (0.3030) بۆ ڕەگەزی نێر، و ناوەندی ژمێریاری(2.806)و لادانی پێوانەیی (0.3020) بۆ ڕەگەزی مێ، کە ئاماژەداری ئاماری نییە واتە جیاوازی نییە لە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی گۆاڕوی ڕەگەز(نێر- مێ).

هەروەها بۆ زانینی جیاوازی لە بەهاکان (t) بەدەست هاتوو ئاماژەداری ئاماری نییە کە بریتی بوو لە (0.442) بە ناوەندی ژمێریاری(3.128)و لادانی پێوانەیی (0.3640) بۆ ڕەگەزی نێر، و ناوەندی ژمێریاری(3.110)و لادانی پێوانەیی (0.340) ئەمەش بەو مانایە دێ کە جیاوازی نییە بەگوێرەی گۆڕاوی ڕەگەز لای یەکەکانی توێژینەوەکە نابێتە هۆی دروست بوونی جیاوازی لە وەرگرتنی بەهاکانیان، وەك لە خشتەی (4) دەرکەوتوە، لێرەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ڕەگەزی نێر و مێ وەکو یەك تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بەکاردەهێنن، لەبەرئەوەی بەکارهێنانی ئەنتەرنێت بە گشتی و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بە تایبەتی بۆ هەردوو لا وەک یەک بەردەستە بەهەمان چری لای هەردوو رەگەز بەکار دێت هەروەها بۆتە پێداویستیەکی سەرەکی ژیانی ئەمڕۆی، بە تایبەتی پاش سەرهەڵدانی شۆڕشی تەکنەلۆژیا و گەیاندن، کە ئەنجامی ئەم شۆڕشە بە دەرکەوتنی جۆرەها تۆڕی پەیوەندی بوو، لە نێوان تاکەکان بەبێ جیاوازی نەبێ لە نێوان نێر و مێ لە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان.

**خشتەی (4) ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی(t) بۆ گۆڕاوی ڕەگەز**

| گۆڕاوی سەرەکی | ڕەگەز | قەبارەی نموونە | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەیی | t-test دەرهێنراو | t-test خشتەیی | نمرەی ئازادی | ئاستی ئاماژەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان | نێر | 130 | 2.793 | 0.3030 | 0.383 | | 2.364 | ئاماژەدارنییە |
| | مێ | 190 | 2.806 | 0.3020 | | | | |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بەهاکان | نێر | 130 | 3.128 | 0.3640 | 0.442 | 2.364 | ئاماژەدارنییە |
| | نێر | 190 | 3.110 | 0.340 | | | |

**ب-زانینی ئاستی جیاوازی لە گۆڕاوی تەمەن.**

لە ئەنجامی جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی (ANOVA) بۆ بۆ دەرکردنی جیاوازی لە گۆڕاوی تەمەن لە بەکارهێنانی تۆرە کۆمەلایەتیەکان و بەهاکان، دەرکەوت کە بەهای تاقیکردنەوەی(F) ی دەرهێنرا بریتیە لە (3.310) کە ئاماژادارە بە ئاستی ئاماژەداری (0.05)، واتە جیاوازی هەیە بەگویرەی گۆڕاوی تەمەن.

هەروەها بۆ پێوەری بەهاکانی بەهای تاقیکردنەوەی (F) بریتی بوو لە (0.005) واتە جیاوازی تەمەن ڕۆڵی نییە لە گۆڕانی بەهاکان، خشتەی ژمارە (5) ئەمە ڕوون دەکاتەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## خشتەی ژمارە (5) ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی(ANOVA)

| گۆڕاوە سەرەکییەکان | گۆڕاوە لاوەکییەکان | تەمەن | ژمارە | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەیی | F-test | ئاستی ئاماژەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تۆڕە کۆمەڵکایەتیەکان | تەمەن | 20-18 | 118 | 2.856 | .295 | 3.310 * p(0.038) | ئاماژەدارە |
| | | 23-21 | 180 | 2.772 | .303 | | |
| | | 26-24 | 22 | 2.736 | .306 | | |
| بەهاکان | | 20-18 | 118 | 3.116 | .404 | 0.005 p(0.995) | ئاماژەدار نییە |
| | | 23-21 | 180 | 3.119 | .315 | | |
| | | 26-24 | 22 | 3.114 | .309 | | |
| تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان | ئاستی بژێوی | زۆرباش | 34 | 2.938 | .2080 | 2.724 p (0.044)* | ئاماژەدارە |
| | | باش | 276 | 2.783 | .3010 | | |
| | | خراپ | 8 | 2.832 | .5130 | | |
| | | زۆر خراپ | 2 | 2.808 | .4350 | | |
| بەهاکان | | زۆرباش | 34 | 3.141 | .3960 | .0810 p (.0489) | ئاماژەدار نییە |
| | | باش | 276 | 3.109 | .3440 | | |
| | | خراپ | 8 | 3.254 | .3200 | | |
| | | زۆر خراپ | 2 | 3.350 | .4480 | | |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان | ساڵ | 2-1 ساڵ | 9 | 2.799 | 0.150 | 0.826 p (0.481) | ئاماژەدارە |
| | | 4-3 ساڵ | 45 | 2.736 | 0.390 | | |
| | | 6-5 ساڵ | 160 | 2.808 | 0.277 | | |
| | | 8-7 ساڵ | 106 | 2.817 | 0.306 | | |
| بەهاکان | | 2-1 | 9 | 3.248 | 0.138 | .0810 p (.0489) | ئاماژەدار نییە |
| | | 4-3 | 45 | 3.077 | 0.265 | | |
| | | 6-5 | 160 | 3.101 | 0.344 | | |
| | | 8-7 | 106 | 3.149 | 0.396 | | |
| تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان | شێوازی بەکارهێنان | بەتەنیا | 209 | 2.784 | 0.270 | 1.161 p (0.325) | ئاماژەدارە |
| | | لەگەڵ خێزانم | 41 | 2.859 | 0.328 | | |
| | | لەگەڵ هاورێیانم | 55 | 2.836 | 0.350 | | |
| | | لەگەڵ هەموویان | 15 | 2.741 | 0.443 | | |
| بەهاکان | | بەتەنیا | 209 | 3.111 | 0.323 | 0.613 p (0.607) | ئاماژەدار نییە |
| | | لەگەڵ خێزانم | 41 | 3.081 | 0.300 | | |
| | | لەگەڵ هاورێیانم | 55 | 3.172 | 0.376 | | |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ج- زانینی ئاستی جیاوازی لە گۆڕاوی ئاستی بژێوی.**

-ئەنجامی جێبەجێکردنی تاقی کردنەوەی (F) بە گوێرەی گۆڕاوی ئاستی بژێوی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و بەهاکان. توێژەر تاقیکردنەوەی (F) بەکارهێنا بۆ دەرکردنی ئاستی بژێوی و گۆڕاوی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لای یەکەکانی توێژینەوەکە. کە بەهای (F)ی دەرهێنراو بریتیە لە (2.724) کە ئاماژادارە، لەهەمان کاتدا تاقیکردنەوەی (F) بەکارهێنرا بۆ پێوەری بەهاکان یەکەکانی توێژینەوە کە بریتیە لە (0.810) کە ئاماژەدار نی یە لە هەردوو ئاستت کاریگەری (0.01)(0.05)، واتە جیاوازی ئاستی بژێوی لای یەکەکانی توێژینەوە نەبوتە هۆکار بۆ جیاوازی لە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و بەهاکانیان، لێرەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە ئاستی بژێوی نابێتە بەربەست بۆیان بۆ بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، چونکە دەتوانن بە نرخێکی هەرزان یاخود گونجاو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بەدەست بێنن و بەکاری بهێنن، وە بەکارهێنانی لەلایەن زۆرینە بۆتە یەکێك لە پێداویستیەکانی ژیانی ڕۆژانەیان.

**-ماوەی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان ساڵ**

-جیاوازی نێوان گۆڕاوی ماوەی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بە ساڵ و گۆڕاوە سەرەکیەکانی توێژینەوە ( تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و بەهاکان)

ئەنجامی جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی (F) بە گوێرەی گۆڕاوی ماوەی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بە ساڵ و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و بەهاکان.

تاقیکردنەوەی (F) بەکارهێنرا بۆ دەرکردنی جیاوازی ماوەی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بە ساڵ بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، کە بەهای ( F )دەرهێنراو بریتیە لە (0.826) کە ئاماژەدار نی یە، لە هەردوو ئاستی کاریگەری (0.01)(0.05)، وە لە هەمان کاتدا تاقیکردنەوەی( F)ی بەکارهێنراو بۆ جیاوازی ماوەی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و پێوەری بەهاکان بۆمان دەرکەوت کە بەهای (F )ی دەرهێنراو بریتیە لە (0.810) کە ئاماژەدار نی یە، ئەمەش ئاماژەیە بە نەبوونی جیاوازی.

جیاوازی نێوان گۆڕاوی چۆنیەتی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و گۆڕاوە سەرەکیەکانی توێژینەوە (تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و بەهاکان)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

-ئەنجامی جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی (F) بە گوێرەی گۆڕاوی چۆنیەتی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لای یەکەکانی توێژینەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بەهای (F)ی دەرهێنراو بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بریتیە لە (1.161) کە ئاماژەدارە. لە هەردوو ئاستی کاریگەری (0.05)(0.01) لە هەمان کاتدا بۆ چۆنیەتی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و پێوەری بەهاکان بۆمان دەرکەوت کە بەهای (F) ی دەرهێنراو بریتیە لە (0.613) کە ئاماژە دار نی یە لە ئاستی هەمان کاریگەری، ئەمەش ئاماژەیە بەوەی کە جیاوازی هەیە لە نێوان چۆنیەتی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لەلایەن یەکەکانی توێژینەوە.

-جیاوازی نێوان گۆڕاوی چەند کاتژمێر تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بەکاردەهێنیت و گۆڕاوە سەرەکیەکانی توێژینەوە (تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و بەهاکان)

تاقیکردنەوەی (F) بەکارهێنرا بۆ دەرکردنی جیاوازی چەند کاتژمێر تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بەکاردەهێنریت لای یەکەکانی توێژینەوە بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان ، بۆمان دەرکەوت بەهای (F)ی دەرهێنراو بریتیە لە (4.917) کە ئاماژەدارە بۆ هەردوو ئاستی کاریگەری (0.05)(0.01) واتە جیاوازی هەیە لە هەمان کاتدا تاقیکردنەوەی(F) بەکارهێنرا بۆ دەرکردنی جیاوازی ماوەی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بە کاتژمێر و پێوەری بەهاکان، بۆمان دەرکەوت بەهای(F)ی دەرهێنراو بریتیە لە (0.894) کە ئاماژەدار نی یە لە ئاستی هەمان کاریگەری واتە جیاوازی نی یە.

**خشتەی (6) ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی(ANOVA) بۆ گۆڕاوی کاتژمێر**

| گۆڕاوە سەرەکی | کاتژمێر | ژمارە | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەیی | F-test | ئاستی ئاماژەداری 0.01 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان | 2-1 | 92 | 2.730 | .369 | 4.917 **)0.002p ( | ئاماژەدارە |
| | 4-3 | 129 | 2.809 | .266 | | |
| | 6-5 | 68 | 2.805 | .260 | | |
| | 8-7 | 31 | 2.964 | .249 | | |
| بەهاکان | 2-1 | 92 | 3.145 | .272 | 0.894 )0.444p ( | ئاماژەدار نییە |
| | 4-3 | 129 | 3.129 | .311 | | |
| | 6-5 | 68 | 3.058 | .485 | | |
| | 8-7 | 31 | 3.120 | .351 | | |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**-جیاوازی نێوان گۆڕاوی قۆناغ و گۆڕاوە سـەرەکیـەکانی توێژینـەوەکە (تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و بەهاکان)**

تاقیکردنەوەکانی(T) بەکارهێنرا بۆ دەرکردنی جیاوازی قۆناغ و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لای یەکەکانی توێژینەوەکە کە بەهای(T) دەرهێنراوە بریتیە لە (1.517) بە نمرەی ئازادی (318) کە ئاماژەدارنی یە،هەروەها بەهای(T) دەرهێنراو لە جیاوازی قۆناغ و بەهاکان لای یەکەکانی توێژینەوەکە بریتیە لە (1.610) بە نمرەی ئازادی (318) کە بە هەمان شێوە ئاماژەدار نی یە،

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە جیاوازی قۆناغ لای یەکەکانی توێژینەوەکە نابێتە هۆی دروسـتبوونی جیاوازی لە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و بەهاکانیان، وەکو لە خشتەی ژمارە (7) دەرکەوتوە.

**خشتەی (7) ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی (t)بۆ گۆڕاوی قۆناغ**

| گۆڕاوی سەرەکی | قۆناغ | ژمارە | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەیی | t-test | ئاستی ئاماژەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان | قۆناغی یەکەم | 140 | 2.8283 | 0.296 | 1.517 p-value (0.130) | ئاماژەدار نییە |
| | قۆناغی چوارەم | 176 | 2.7764 | 0.305 | | |
| بەهاکان | قۆناغی یەکەم | 140 | 3.1557 | 0.332 | 1.610 p-value (0.108) | ئاماژەدار نییە |
| | قۆناغی چوارەم | 176 | 3.0958 | 0.325 | | |

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە هەردوو قۆناغ یـەکەم و چوارەم وەکو یـەك تۆڕە کۆمەڵایـەتیـەکان بەکاردەهێنن ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەم توێژە لە توێژی گەنجن، هێز و چالاکی و ئارەزووی بەرچاویان هەیە بۆ بەکارهێنان و ناسـینی ئامرازە نوێکان لە نێوانیشـیاندا تۆڕەکانی پەیوەندی، لە هەمان کاتدا بۆتە پێداویسـتی لەبەرئەوەی هەردوو قۆناغ بە گشـتی بەبێ جیاوازی وەکو یەك تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بەکاردەهێنن.

**ئامانجی چوارەم- پۆلین کردنی برگەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێگەی پێوانەکردنی هێزەکەی.**

ناوەندی سـەنگکراو ئامرازێکی بەهێزە بۆ دەرکردنی کێشـی هەر بڕگەیەك لە نێو پێوەردا، لەم توێژینەوەیەشـدا توێژەر هەوڵیدا کە ناوەندی سـەنگکراوی بڕگەکانی هەردوو پێوەرەکانی (تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەهاکان)ی توێژینەوەکە دەربکات بە پشت بەستن بەم ئاستانەی خوارەوە:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەروەك ئاماژەی پێدراوە لە دیدی یەکەکانی نموونەی توێژینەوە سوود وەرگرتن لە سەرچاوە زانستیە جیاوازیەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بە کێشـــی (3.21) هاتووە، ئاشـنابوونیان بە بابەتە نوێیەکان لە ڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان کە بە کێشـــی (3.18) هاتووە، کە هەردوکیان کێشـیان بەهێزە،لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کە زۆربەی نموونەی توێژینەوەکە پێ یان وایە بەکارهێنانی سـۆشـیال میدیا جیاوازەکان سوود بەخشە و یارمەتی دەرە لە گەیشتن بە سەرچاوە زانستیە هەمە چەشن و جیاوازیەکان، چونکە ئەمەش ئاماژەدەری ڕاســتییەکەیە کە بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان شــوناس و تایبەتمەندی جیاوازیان هەیە لە ڕووی زانســتیەوە، بۆیە دەکرێ هەریەك لەو تایبەتمەندییە جیاوازیە زانســتیانە سوود بە دەوروبەرەکەیان بگەیەنێت، بە ئاست و قەبارەی جیاواز،

**1-پێوانەکردنی گۆڕانی بەهاکان لە ڕێگەی پۆلێنکردنی برگەکانی توێژینەوەکە:**

هەروەك ئاماژەی پێدراو لە دیدی یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە ڕێزگرتنی دایك و باوك کە بە کێشی (3.71) هاتووە کە ئەمەش گوزارشتە لەوەی کە کێشەکەی زۆر بەهێزە، ڕێزگرتنی دایك و باوك یەکێکە لە بەها جوانەکانی ڕەوشــتی کۆمەڵایەتی، بۆ ئەوەی مرۆڤەکان بە باشــترین شــێوە بنیات بنرێن، پێویســتە ســەرجەم بەها جوانەکان لە کردەوە و ناخ و ڕەفتار و هەڵس و کەوتیان ڕەنگ بداتەوە، جێبەجێ و پراکتیزەی بکەن لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکانیاندا، سەبارەت بە شانازی کردن لە ئەندام بوون لە خێزانەکانیان کە بە کێشـــی (3.60) هاتووە کە ئەوەش گوزارشـــتە لە کێشـــێکی زۆر بەهێز، لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کە خێزان گرنگترین دامەزراوەی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی یە وە بەرپرسە لە پەروەردەکردنی نەوەکانی، لە هەمان کاتدا ئەرکی چاندن و بەهێزکردنی بەها ئەرێنیەکانی هەیە، یەکەم ســەرچاوەیە بۆ وەرگرتنی بەها و پێوەرە کۆمەڵایەتیەکان لە کۆمەڵگا، خێزان لەناو پەیوەندیە ناوەخۆییەکانی دا سۆز و خۆشەویستی و پاڵپشـتی پێشـکەش بە ئەندامانی دەکات بۆ گەشـەکردنی ڕۆحی هاوسۆزی و تەبایی لە نێوان تاکەکانی یاخود ئەندامەکانی

**ئامانجی پێنجەم: زانینی سروشتی پەیوەندییەکانی هەردوو پێوەرکە**

بەمەبەستی جێ گەیشتن بە ئەنجامی ئەم ئامانجە پەنا بردرایە تاقیکردنەوەی پەیوەستی بێرسۆن-Pearson Correlation Coefficient بۆ دۆزینەوەی پەیوەستییە ناوخۆییەکانی نێوان پێوەری تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و بەهاکان و زانینی سروشتیی ئەو پەیوەندییانە، لە ئەنجامدا بۆمان دەردەکەوێت کە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە ڕووی ئامارییەوە پەیوەست هەیە لە نێوان هەردوو پێوەرەکە کە یەکسانە بە (**0.733) بە ئاستی ئاماژەداری (0.05)، بۆیە هەردوو پێوەر لەگەڵ نمرەی گشتی هەموو فۆرمەکە پەیوەندیەکی ئاماژەداری ئاماری بەرزی هەیە، واتە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان پەیوەستێکی بەهێزی هەیە لە سەر گۆڕینی بەهاکان لە لای یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە، وەک لە خشتەی ژمارە (8) خراوەتە ڕوو.

**خشتەی (8) ئەنجامی پەیوەستییە پێوەرەکانی کۆمەڵایەتیەکان و بەها کۆمەڵایەتیەکان**

| | تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان | بەهاکان |
|---|---|---|
| تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان | 1 | |
| بەهاکان | **0.733 | 1 |

**پوختەی دەرئەنجامەکان و و ڕاسپاردە و پێشنیارەکانی توێژینەوەکە**

**-دەرئەنجامەکان**

1-سەبارەت بە ئاشنابوون بە ئاستی کاریگەرییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لە گۆڕینی بەهاکان، توێژینەوەکەمان گەیشتووە بەو ئەنجامەی کە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان کاریگەرییان هەبووە لە گۆڕانکاری بەهاکان، هەروەها گۆڕانکاری ڕێژەی ڕویداوە لە بەهاکانیان.

2-سەبارەت بە ئاستی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و پەیوەندی بە بەهاکانەوە، دەرکەوتووە کە تۆڕەکانی سناپ چات و ئینستاگرام زۆرترین بەکارهێنەری هەیە، وە کاریگەری هەبووە لە گۆڕینی بەهاکان، لە هەمان کاتدا بەها نەریتیەکانی کۆمەڵگاش پارێزگاری لێ کراوە.

3-سەبارەت بە ئاستی جیاوازی نێوان گۆڕاوە لاوەکیەکانی نمونەی توێژینەوەکە، لە ئەنجامی توێژینەوەکە دەرکەوتووە کە جیاوازی نییە لە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر، مێ).

سەبارەت بە ئاستی جیاوازی لە گۆڕاوی تەمەنیش دەرکەوتووە کە جیاوازی هەیە لە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، بەڵام جیاوازی تەمەن ڕۆڵی نی یە لە گۆڕانی بەهاکاندا.

سەبارەت بە ئاستی جیاوازی لە گۆڕاوی ئاستی بژێوی، کە نەبۆتە هۆکار بۆ جیاوازی لە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و گۆڕینی بەهاکانیان، وە ئاستی بژێوی نەبۆتە بەربەست لە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

-سەبارەت بە جیاوازی نێوان گۆڕاوی ماوەی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بە ساڵ و گۆڕاوە سەرەکیەکانی (تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و بەهاکان) دەرکەوتوە کە ماوەی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بە ساڵ بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان جیاوازی نی یە لە هەمان کاتدا بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بۆ بەهاکان جیاوازی نی یە.

-سەبارەت بە جیاوازی نێوان گۆڕاوی چۆنیەتی بەکارهێنانی تۆرە کۆمەڵایەتیەکان و گۆڕاوە سەرەکیەکانی (تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەهاکان) دەرکەوتووە چۆنیەتی بەکاهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ تۆرە کۆمەڵایەتییەکان جیاوازە" بەڵام چۆنیەتی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ بەهاکان جیاوازی نی یە.

-سەبارەت بە جیاوازی نێوان چەند کاتژمێر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنیت و گۆڕاوە سەرەکیەکان (تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەهاکان) دەرکەوتووە کە گۆڕاوی چەند کاتژمێر تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بەکاردەهێنیت بۆ گۆڕاوی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان جیاوازی هەیە بەڵام بۆ گۆڕاوی بەهاکان جیاوازی نی یە.

-سەبارەت بە جیاوازی نێوان گۆڕاوی قۆناغ و گۆڕاوە سەرەکیەکان (تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەهاکان) دەرکەوتووە کە گۆڕاوی قۆناغ بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان جیاوازی هەیە بەڵام بۆ بەهاکان جیاوازی نی یە.

5-سەبارەت بە زانینی سروشتی پەیوەندیەکانی هەردوو پێوەرەکە دەرکەوتووە کە لە ڕووی ئامارییەوە پەیوەستی هەیە لە نێوان هەردوو پێوەری ( تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەهاکان)وە، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش پەیوەستێکی بەهێزی هەیە لەسەر گۆڕینی بەهاکان.

**-ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە**

1- بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا، پێویستە وەك دامەزراوەیەکی فەرمی باڵا، بتوانێت ڕۆڵی لە دەرخستنی لایەنی ئەرێنی و نەرێنیەکانی ئینتەرنێت بە گشتی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە تایبەتی هەبێت بۆ قوتابیان ئەمەش لە ڕێگای سیمینار و کۆڕ و کۆبوونەوەکانەوە بێت، بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و کۆمەڵایەتیان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2-بۆ حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکانی تایبەت بە توێژی گەنجان پێویستە زیاتر گرنگیان پێ بدرێت و زیاتر ڕەچاوی ماف و ئەرکەکانیان بکرێ، تاوەکو لە ئاست ماف و داواکاریەکانیان واقعیانە بیر بکەنەوە، لە دۆزینەوەی هەلی کار و دیاریکردنی ئامانجەکانیان، ئەو توانا و ووزە زانستیانەی هەیانە بیخەنە خزمەت کۆمەڵگا.
3-بۆ رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کە پێویستە ڕۆڵی باڵایان هەبێت لە هۆشیارکرنەوەی توێژە کۆمەڵایەتیەکان و بە تایبەتی توێژی گەنجان و قوتابیان لە بەرزکردنەوەی ئاستی تێگەیشتن لە ماف و ئەرکەکانیان، لە رێگای ئەنجامدانی ۆرك شۆپ و کۆر و کۆبوونەوە و سیمینار.
4- بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، گرنگی زیاتر بە بەرنامەکانی تایبەت بۆ هۆشیارکردنەوەی ئەندامانی کۆمەڵگا بدرێت لەسەر بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ ، وە وێنەی کۆمەڵگا بە شێوەیەکی بابەتیانە پیشان بدەن، وە بەرپرسیاربن لە خستنە ڕووی ئامانج و بەهاکانی کۆمەڵگا، ڕێزیش لە بەها و نەریتی بگرن.
5- بۆ زانکۆ و مامۆستایانی پێویستە ڕۆڵی کارا و پێشەوایان هەبێت لە شێوازی پەروەردەی جیاواز لە ڕاهێنان و هاندانی قوتابیان لەسەر پابەندبوون بە بەها کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگا.
6-بۆ دامەزراوەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی (خێزان، قوتابخانە، زانکۆ،...هتد) ڕۆڵی کارایان هەبێ لە ئاراستە کردن و پەروەردە کردنی تاکەکان، لەسەر بەها ئەرێنیەکانی کۆمەڵگا هەوڵدان بە چاندن و چەسپاندنی لە میانەی بە دیموکراسی کردنی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و ئاراستە کردنی گەنجان لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بە شێوەیەکی باش و گونجاو.

**-پێشنیارەکان**

1-ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی زیاتر لەلایەن ناوەندە زانستی و ئەکادیمییەکان لە بارەی بەها کۆمەڵایەتییەکان و گرنگی و ڕۆڵیان لە سەقامگیری و ئاسایشی کۆمەڵایەتی خێزان و کۆمەڵگا.
2-ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر دەربارەی کاریگەری تەکنەلۆژیای نوێ لە بەهێز بوون پتەو بوونی بەها کۆمەڵایەتیەکان.
3- ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر دەربارەی کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر تەندروستی دەروونی تاکەکانی کۆمەڵگادا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

4- ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر دەربارەی کاریگەری بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر پەیوەندی کۆمەڵایەتی خێزان.

5- ئەنجامدانی توێژینەوە دەربارەی ڕۆڵی زانکۆ لە جێگیرکردنی بەها کۆمەڵایەتییەکاندا.

## سەرچاوەکان:

**-سەرچاوە کوردییەکان**

1. ئەبراش؛ ئیبراهیم (2013) میتۆدەکانی توێژینەوە لە کۆمەڵناسی. هەولێر. چاپخانەی ڕۆژهەڵات. و.دیدار ئەبزێد.
2. شوانی، محمد (2015) سەرەتایەك بۆ نوسینی توێژینەوە لە کۆمەڵناسیدا، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
3. مەحموود، هەردەوان (2015) میدیای نوێ و کاریگەرییەکانی، سلێمانی، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا.
4. احمد، کاظم محمد زاهد (2015) پەیوەندی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بە نامۆبوون لای گەنجانی زانکۆ، فەیسبوك بە نموونە، ماستەر لە کۆمەڵناسی، سکوڵی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی.
5. محمد، ئازاد عبدالعزیز (2014) بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنیە کوردییەکان لەلایەن لادانی زانکۆ و تێربوونەکانیان ماستەر لە ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئەدەبیات-زانکۆی سەلاحەددین.
6. زێباری، تاهیر حەسۆ (2017) تیۆری هاوچەرخ لە کۆمەڵناسی، چ2، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی کۆمەڵناسان و دەروونناسی کوردستان.
7. ئەلحەسەن، ئیحسان محەمەد (2012) ئینسایکلۆپیدیای کۆمەڵناسی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، و. دانا مەلا حەسەن.

**-سەرچاوە عەرەبیەکان**

1. البلداوي، عبدالحميد عبدالمجيد (2004) أساليب البحث العلمي و التحليل الاحصائي-التخطيط للبحث و الجمع البيانات يدويا ة باستخدام برنامج spss، دار الشروق للنشر و التوزيع، عمان.
2. الزيباري، طاهر حسو (2016) النظرية السوسيولوجية المعاصرة، دار البيروتي للنشر و التوزيع، عمان.
3. عبداللة, مي (2014) المعجم في المفاهيم الحديثة للاعلام و الاتصال، دار النهضة العربية، ط1، لبنان
4. حسان، تريكي (2017) ملامح التحول في قيم العمل في المجتمع الجزائري: دراسة تحليلية، المجلة الأردنية للعلوم الاجتماعية، المجلد 10، العدد 2.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

5. الزيباري، طاهر حسو (2003) دور المرأة الكردية في المشاركة السياسية، دراسة ميدانية اجتماعية في مدينة أربيل، المطروحة دكتوراه، كلية الأداب، جامعة صلاح الدين، أربيل.
6. طبال، لطيفة (2012) التغير الاجتماعي و دوره في تغير القيم الاجتماعية، مجلة العلوم الإنسانية و الاجتماعية، جامعة سعد دحلب البليدة، العدد الثامن، الجزائر؟
7. عبدالعظيم، سمر سيد (2020) المداخل النظرية المنسرة لدراسة مولقع التواصل الاجتماعي و التفكك الأسري، حوليتة كلية الأداب، جامعة بني سويف، المجلد 9.
8. عبداللة، ساجدة إسماعيل (2015) التغير القيمي لدى طلبة الجامعة في إقليم كوردستان، العراق، رسالة ماجستير (غير منشورة) في علم النفس الاجتماعي، جامعة دهوك.
9. عزيز، هيمن خضر (2006) التغير الاجتماعي و علاقته بتفكك النسى القيمي، رسالة ماجستر (غير منشورة) في علم الاجتماع، كلية الأداب، جامعة صلاح الدين، أربيل.
10. محمد، كوثر علوب (2017) الاعلام الجديد و أثره على القيم الاجتماعية، أطروحة دكتوراه في علوم الاتصال، قسم الصحافة و النشر، جامعة السودان للعلوم و التكنولوجيا.
11. مهنا، فريال (2002) علوم الاتصال و المجتمعات الرقمية، دار الفكر المعاصر, دمشق.
12. غيث, محمد عاطف (2016) قاموس علم الاجتماع، دار المعرفة الجامعية، الإسكندرية.

**-سەرچاوە ئینگلیزیەکان**

1-Boyd, D & Ellison, M , (2007) Social networks sites: Definitions, History, And scholarships, Journal of computer- Mediated communications.
Joan, M Reitz (2018), Online dictionary for Library and information science2-

## پاشکۆی (1)

### ڕاستێتی پێوەری

| ژمارەی پسپۆران | ناوی پسپۆران | ژمارەی برگە دروستەکان | ژمارەی برگە نادروستەکان | نمرەی سەدی ڕاستێتی | ژمارەی برگە نادروستەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| 1. | پ.د. صباح أحمد نجار | 70 | 2 | 97.22% | 10,31 |
| 2. | پ.د. نجات محمد فرج | 71 | 1 | 98.61% | 6 |
| 3. | پ.ي.د. لقمان صالح كريم | 72 | 0 | 100% | |
| 4. | پ.ي.د. صادق حمة غريب | 67 | 5 | 93% | 4,26,31,34,17 |
| 5. | پ.ي.د. سارا محسن قادر | 57 | 15 | 79.16% | 4,10,12,13,16,21, |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 25,26,27,29,31,33, 34,1,2 | | | | | |
| | 100% | 0 | 72 | پ.ي.د. سامان جلال | .6 |
| 22,29,30,4 | 94.44% | 4 | 68 | پ.ی.د. عبدالله خورشيد عبدالله | .7 |
| 9,17,19,28,29,31, 18,28,39 | 87.5% | 9 | 63 | پ.ي.د. محمد حسين محمد | .8 |
| 36 | 93.75% | 36 | 540 | كۆی گشتی | |

ژمارەی تەواوی بڕگەکانی پێوەر یەکسانە بە (72) بڕگە.

ژمارەی پسپۆران یەکسانە بە (8) پسپۆر.

بەم شێوەیە کۆی گشتی بڕگەکان یەکسانە (ژمارەی بڕگەکانی پێوەر * ژمارەی پسپۆران) (72*8= 576)

ژمارەی بڕگە دروستەکان = 540.

ژمارەی بڕگە نادروستەکان = 36.

ڕاستیەتی گشتی پێوەر = کۆی گشتی بڕگە دروستەکان / کۆی گشتی بڕگەکانی پێوەر * 100.

576 * 100= 93.75% ڕاستێتی پێوەر

## The Impact of Social Networks on Changing Values

**Asst. Prof. Dr. Jwan Ismail Bakir**
Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
jwan.bakr@su.edu.krd

**Trifa Sabir Aziz**
Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
aziz11@gmail.com

***Keywords:*** *Social Media, Values, Social Values, Changes, Changes Of Values*

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## Abstract

Social networks are one of the most significant influences of communication in the world, it has lots of users that are considered at the service of individuals and society in many areas of life. This great progress has had many effects on changing the individual system. It causes a huge reflection on the rules of freedom of publication, and appearance, creates channels for communication and information sharing both within and between segments of society. Technology has entered their lives and significantly influenced their way of life. New technology and social networks had also expanded and unlimited individuals' desires, hobbies, and aspirations, resulting in greater use as well as societal values and criteria becoming impactful, Values are a set of criteria and rules that guide individuals to organize their behavior in society, so from this perspective, the study aims to explain how social networks influence the change of university students' values. In this study, the descriptive method of social survey is used. The research used Quantitative method and descriptive approach and the scale was used as the main tool of data collection, Then the analysis and presentation of the data in which the results of the study are presented and based on the results of the study, some recommendations and suggestions are discussed.

------------------------------------------------------------

## تأثير الشبكات الاجتماعية على تغيير القيم

### الملخص:

تعد شبكات التواصل الاجتماعي من أهم عوامل الاتصال في العالم، وهناك عدد من الاستخدامات التي توضع في خدمة الأفراد والمجتمع في كثير من مجالات الحياة.و اليوم نظرًا لتقدم التكنولوجيا والشبكات الاجتماعية التي جعلت الأمر أسهل كثيرًا في الحياة اليومية للأفراد ، كان لهذا التطور السريع العديد من التأثيرات في تغيير النظام الفردي لقد أحدثت انعكاساً كبيراً في قواعد حرية النشر والتعبير وبناء جسور التواصل وتبادل المعلومات على مستوى الأفراد والمجتمعات ، وسعت شبكات التواصل الاجتماعي رغبات وتطلعات الأفراد وقد أدى هذا إلى زيادة الاستخدام ويتأثر بقيم ومعايير المجتمع، القيم هي مجموعة من المعايير والقواعد التي توجه الأفراد لتنظيم سلوكهم في المجتمع ، لذلك من هذا المنظور ، تهدف الدراسة إلى شرح كيفية تأثير الشبكات الاجتماعية على تغيير القيم من قبل طلاب الجامعة، في هذه الدراسة اعتمدت الباحثة على الأسلوب الوصفي للتحليل - المسح الاجتماعي (Social survey) المستخدم و العينة هو نوع من فئة العينة العشوائية النسبية. تم استخدام المعيار

كأداة رئيسية لجمع البيانات، يليه تحليل وعرض البيانات التي قدمت فيها نتائج الدراسة، واستناداً إلى نتائج الدراسة، تمت مناقشة بعض المقترحات والتوصيات.

**-الكلمات المفتاحية للبحث:** وسائل التواصل الاجتماعي ، القيم ، القيم الاجتماعية ، التغييرات ، تغيير القيم.